

# هەڵبژاردن و ئەندامی سێنێد (پەرلەمانی وێلز) دەگۆردرێ

**وێلز پەرلەمانی خۆی هەیە – پێی دەڵێن سێنێد. لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٦\٦\٧ ەوە تۆ چەند گۆرانکاریەک دەبینی لەناو سێنێد دا**

لێرە ئەو شتانەی کە تۆ پێویستە بیانزانی:

- **٩٦ ئەندام:** سێنێد ٩٦ ئەندامی دەبی لەجیاتی ٦٠ ئەندام.
- **سیستمی دەنگدانی نوێ:** هەموو کەسێک تەمەنی ١٦ سال و زیاتر یەک دەنگیان دەبی، پارتێکی سیاسی یان کاندیدەکی سەربەخۆ دەستنیشاندەکا.
- **بازنەی هەڵبژاردنە نوێیەکان:** وێلز ١٦ بازنەی هەڵبژاردنی دەبی. هەر یەک لەو بازنانە ٦ ئەندام هەڵدەبژێرن.
- **یاسا نوێیەکان:** هەرکەسێک خۆی کاندید بکا بۆ هەڵبژاردن دەبی لە وێلز بژیت

Senedd Cymru
Welsh Parliament

## بازبدە بۆ:

- بۆچی ئەوە گرینگە؟
- ئایا سێنێدّ چەند ئەندامی دەبی؟
- ئایا سیستمی دەنگدان چۆن دەگۆردرێیٚ؟
- کێ مافي دەنگدانی هەیە؟
- چۆن بازنەکانی هەلبژاردن دەگۆردرێن؟
- پرسیارە باوەکان(زۆر جار دەکرێن).



# بۆچی ئەوە گرینگە؟

ویلز پەرلەمانی خۆی هەیە - پێی دەڵێن سینێز. ئەوەش بە مانای **سینێز ئەوەک پەرلەمانی (UK) ولایەتە یەکگرتوەکان**، یاسا لە ویلز دادەنێن لە زۆر بوارەکان، لەناویاندا:

- نەخۆشخانەکان وە کلینیکی پزیشکانی گشتی(GP)
- قوتابخانەکان
- ڕێگاوبان و هێلی شەمەندەفەر
- کشتوکاڵ و مالات
- ژینگە
- زمانی وێلشی

یاساکانی ّوێلشی تەماشای بارودۆخەکە (حالەتەکە) دەکا لە وێلز کە لەوانەیە جیاواز بی لەگەل بەشەکانی دیکەی ولایەتە یەکگرتوەکان.(UK)

یاساکان کە لە سێنێز پەسندکراون، کارپێکراو دەبن لە وێلز بەلام نەوەکو لە ئینگلتەرا.

- هێنانەکایەی پارە وەرگرتن بۆ کیسەی تاک بەکارهێنان (یەکەمین ولات بوو کە ئەوە بکا لە UK )
- سنوور دانانی خێرایی ئۆتۆمۆبیل بە ٢٠ میل \ کاژێر
- قەدەغە کردنی تەوقات لێدانی منالان

ئەوە مانای ئەوەیە ئەو ئەندامانەی تۆ هەلیان دەبژێری لە ٧\٥\ ٢٠٢٦ دەسەلاتیان هەیە بریار بدەن کە کاریگەری دەبی لەسەر ژیانی رۆژانەی تۆ.

# ئایا سێنێز چەند ئەندامی دەبی؟

## لە هەلبژاردنی ٢٠٢٦\٥\٧ ەوە، سێنێز ٩٦ ئەندامی دەبی لەجیاتی ٦٠..

ماوەی ٢٥ سال دەبی، ژمارەی ئەندامانی سێنێز وەکو خۆی ماوەتەوە، هەرچەندەکو ئێستا بەرپرسیاریەتی (مەسئولیاتی) زیاتری هەیە.، وەکو دەسەلاتی یاسادانانی تەواو وە هەروەها توانای هەیە بۆ گۆرینی هەندێک لە باجەکان لە وێلز.

هەبوونی ئەندامی زیاتر یارمەتیدەرتر دەبی بۆ سێنێز کە پێداچوونەوە و تەحەددیاتی باشتر بکەن لە پلانەکانی حکومەتی وێلشی وە پارە سەرفکردن لەسەر پرسەی گرینگتر وەکو نەخۆشخانەکان، پەروەردە وە گواستنەوە.

ئەوەش دەنگەکی بەهێزتر بە کۆمەلگا دەدا لەو بریاردانانە.

لەگەڵ ٩٦ ئەندام، ژمارەی نوێنەران کە دەتانبی لە سێنێز یەکسان دەبن لەگەل ولاتانی کە قەبارەیان (حەجمیان) هاوشێوەی وێلزە - وەکو سکۆتلاندا کە ١٢٩ ئەندامیان هەیە وە باکوری ئێرلەندا ٩٠ ئەندامیان هەیە..

### چی نوێیە؟

- دەنگدەران ٩٦ ئەندام هەلدەبژێرن.
- تۆ شەش ئەندامت دەبی کە نوێنەراوەتی تۆ دەکا لە سێنێز.
- کاندیدەکان کە خۆیان کاندید دەکەن بۆ هەلبژاردن دەبی لە وێلز بژین،

# ئایا سیستمی دەنگدان چۆن دەگۆردرێ؟

## له ٢٠٢٦، چۆنیەتی دەنگدانت دەگۆردرێ

ئەگەر تۆ تەمەنت لە سەرووی ١٦ سالانە دەتوانی دەنگ بدەی لە هەڵبژاردنی سێنێدی ٢٠٢٦.

تۆ یەک دەنگت پێدەدرێ بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەرەکان بۆ کۆمەڵگاکەت لە سێنێد.

سیستمی دەنگدانی نوێ پێیدەڵێن ( سیستمی لیستی ڕێژەیی داخراو)، ئەوە مانای ئەوەیە تۆ دەنگ دەدەی بۆ پارتەکی سیاسی یاخود بۆ کاندیدێکی سەربەخۆ، لەجیاتی دەنگدان بە تاکە کەسەکان.

کاغەزی دەنگدان لیستی تەواوی کاندیدەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکەت نیشاندەدا، هەتا هێشتا تۆ بتوانی بزانی دەنگ بۆ کێ دەدەی.

ئەگەر یەک لە پارتەکان دەنگی پێویستیان هەبی، ئەوان یەک کورسی یان زیاتر دەبەنەوە لە سێنێد. ئەگەر کاندیدەکی سەربەخۆ دەنگی پێویستی بردەوە ئەوان کورسیەک دەباتەوە لە سێنێد.

کورسیەکان ڕەنگدانەوەی ڕێژەی دەنگەکانی هەر پارتێک یان کاندیدێکی سەربەخۆ کە بەدەستیان هێناوە،

زیاتر بدۆزەوە:

**How will the new voting system work at the next Senedd election?**
چۆن سیستمی نوێی دەنگدان کاردەکات لە هەڵبژاردنی سێنێدی داهاتوو

## چی نوێیە؟

- تۆ تاکە دەنگێک وە کاغەزی دەنگدانت دەبی بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەرەکەت لە سێنێد، لەجیاتی دوو کاغەزی دەنگدان جیاواز وەکو هەڵبژاردنەکانی رابوردوو.
- کە تۆ دەنگ دەدەی، تۆ دەستنیشانی پارتەکی سیاسی یاخود کاندیدەکی سەرباخۆ دەکەی کە تۆ دەتەوێ نوێنەرایەتیت بکا.
- لە ٢٠٢٦ ەوە هەڵبژاردنی سێنێد لە هەر چوار ساڵێکدا جارێک ڕوودەدا.

# کێ مافي دەنگدانی هەیە؟

بۆ دەنگدان لە سێنێذ لە ٢٠٢٦\٥\٧ تۆ پێویستە:

- تەمەنت ١٦ سال یان زیاتر بیت لە رۆژی دەنگدانەکە.
- دەبي ناوت تۆمار کرابي بۆ دەنگدان
- دەبی بەریتانی، ئێرلەندی یاخود هاوڵاتیەکی شایستەیی کۆمۆنوێلث بی، هاولاتیەکی یەکیەتی ئەورووپا، یاخود هاولاتیەکی بیانی شایستە بی.
- لە ویلز بژیت

## دلنیا نیت کە مافی دەگدانت هەیە؟

کۆمیسیۆنی هەلبژاردنەکان زۆر زیاتر زانیاران هەیە لەبارەی خۆ تۆمارکردن بۆ دەنگدان لەسەر مالپەرەکەیان لە:

**Register to vote | Electoral Commission**



# چۆن بازنەکانی هەڵبژاردن دەگۆردرێن؟

## وێلز ١٦ بازنەی هەڵبژاردنی دەبی لجیاتی ٤٠ بازنە

هەر یەک لەو بازنەی هەڵبژاردنە نوێ یانە شەش ئەندامیان دەبی، کە دەکاتە تەواوی ٩٦ ئەندامی پاڵێوراو بۆ سێنێد.

کۆمیسیۆنی دیمۆکراسی و سنور کەمری(وێلز) ناوچە نوێیەکانی دروستکرد بە جووتکردنی ٣٢ بازنەی هەڵبژاردن لەگەڵ بەریتانیا بۆ وێلز. وە هەروەها سنووره ناوخۆییەکان، رێگاوبان و گواستنەوەیان لەبەرچاو گرتیە، وە تایبەتمەندیەکان سروشتیەکان وەکو ڕوبارەکان و شاخەکان.

## بازنەی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی ٢٠٢٦:

1. Bangor Conwy Môn
2. Clwyd
3. Fflint Wrecsam
4. Gwynedd Maldwyn
5. Ceredigion Penfro
6. Sir Gaerfyrddin
7. Gŵyr Abertawe
8. Brycheiniog Tawe Nedd
9. Afan Ogwr Rhondda
10. Pontypridd Cynon Merthyr
11. Blaenau Gwent Caerffili Rhymni
12. Sir Fynwy Torfaen
13. Casnewydd Islwyn
14. Caerdydd Penarth

15. Caerdydd Ffynnon Taf

16. Pen-y-bont Morgannwg


دەتوانی بازنەی هەڵبژاردنی نوێی خۆت بدۆزیەوە بە داخل کردنی پۆست کۆدەکەت لەناو نەخشەی(خەریتەی) دۆزینەوەی بازنەی هەڵبژاردنە نوێکەماندا.

**Constituency finder map.**

## چی نوێیە؟

- ویلز ١٦ بازنەی هەڵبژاردنی دەبی
- هەر بازنەی هەڵبژاردن شەش ئەندامی سێنێذ هەڵدەبژێری.

*هەموو ئەو گۆرانکاریانە مانای ئەوەیە کە نوێنەرایەتیەکی بەهێزتر بۆ تۆ، خێزانەکەت و کۆمەڵگاکەت*.



# پرسیارە باوەکان(زۆر جار دەکرێن).

## کەنگین هەلبژاردنی ٢٠٢٦ ی سێنێذ بەرێوەدەچیت؟

٢٠٢٦\ ٥ \ ٧

## ئایا پێویستە بالەخانەی سێنێذ بگۆردرێ؟

ژووری دیبەیتی(مشتوری) سێنێذ، سیامبەر(بە زمانی وێلشی)، دەگۆردرێت بۆ ئەوەی کە جێگای هەر ٩٦ ئەندامەکە بکاتەوە.

کارکردن لەسەر ئەوە لە نیسانی ٢٠٢٥ دەستپێدەکا وە لە بەهاری ٢٠٢٦ تەواو دەبی

پرسیارە باوەکانی زیاتر





Senedd Cymru
Welsh Parliament

www.senedd.cymru | www.senedd.wales